# گورگه خان

**گولی تەرەقی**

**و/ دلاوەر قەرەداغی**

هەمووومان .... خۆم و منالەکانم و ئەو هاوڕێیانەم کە جار جار سەردانم دەکەن، وەك سەگ لە ژنەکەی نهۆمی خوارەوە دەترسین. ژیان لە غەریبیی، لە پاریس، دڵەڕاوکێی لەگەڵە، جۆرێك لەهەست کردن بە گوناهی لەگەڵە، هەستکردن بە گوناهی ئەوەی کە غەریبەیەك لەوپەڕی سنوورەکانەوە هاتووەو جێگەی بە خەڵکی ئەم وڵاتە لێژکردووە، جۆرێك لە لێبوردن و پاشەکشەی ناچاریی و تووڕەییەکی خامۆش کە جورئەتی ئەوە نییە گوزارشتی لێبکرێ، هەستکردن بە رقێکی ناخ کە چزوو بەکاردێنێ و چاوەڕێی قەرەبوو کردنەوەیە، شانازییەك کە رەگێکی دوو هەزارو پێنج سەد ساڵەی هەیە، نیگایەك کە لەو سەرەوە، بە گومان و گاڵتە پێکردنەوە لە پێشهاتەکانی شارستانێتی و تازەگەریی دەنۆڕێ. باوەڕبوونێك بەوەی کە ئێمە، نەوەکانی کۆرش و داریوش، تەنانەت لە شکست و فەلاکەت و تووانەوەشدا، لە هەموو کەسێك باشترین ( ئەدی چۆن؟ خودا دەیزانێت!) خۆ گەر کەوتبینە ئەم رۆژەو لەو حەمکە عەنعەنات و خۆ بە زل زانییە چ شتێکمان بۆ نەمابێتەوە، ئەوا ئەوە گوناهی ئێوەیە، ئێوە ئەی خۆرئاواییە سەرمایەدارە پارە پەرستە رووالەت بینەکان!

گەر هیچ کام لەم تۆمەتانە راست نەبن، ئەوا شتێك واقیعییەتی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە بەدبەختیی ئێستای من، وا لەبن سەری خانمەکەی نهۆمی خوارەوەدا کە وەك تارماییەکی شووم

ئامادەیی نەبینراوو هەمیشەیی لەژیانی قەرەباڵخ و شپرزەی ئێمەدا هەیە. ئاخر جورئەتی ڕێ ڕۆیشتن، پێکەنین و قسان کردنمان نییە. بەو هۆیەشی کە تازە گەیشتووین و نازانین ژیان لەهەندەران چۆناوچۆنییە، لە خانووی گەورەی بە حەوشەو دارو درەخت و بنەماڵەو هاوڕێ و ناسیاوانەوە بۆ ئەم بەری دونیا تووڕ هەڵدراوین، ئیدی وەك خەڵکانی نیوە نوستوو، بە دەوری یەکدیدا دەسوڕێینەوەو تێناگەین چما دەکرێ بە بێ بەیەکدا هەڵشاخان و بە بێ ئەزیەتدانی یەکتر، ژیان بگوزەرێنرێ! منداڵەکانم بوونەتە بوونەوەری هاروهاج، یەکەمیان تەمەنی پێنج ساڵانەو ئەویتریشیان چوار ساڵ. خرۆشاوو هەراسان، ترسی خۆیان بە زریکەو بۆکس و لەقەدان بە دەرگاو دیواردا دەردەبڕن. کوڕەکەم لە کچەکەم دەدا و منیش لە کوڕەکەم دەدەم و ژنەکەی نهۆمی خوارەوەش بە دیوارەکەیدا دەماڵێ. هەندێ جار بە گسك یان دارێکی درێژ دەکێشێ بە میچی ژوورەکەیدا یاخود لە پەنجەرەکەوە دەقیڕێنێ: " بێدەنگ بن!" یاخود لە تەلەفۆنەکەدا هێند بڵند دەدوێ کە دەنگیم نەك هەر لە سەماعەکەدا، بەڵکو لەوپەڕی ڕاڕاوەکەوە دێتە گوێ. دەنگدانەوەیەکی تووڕەو بەردەوامی وا کە وەك بڵێی لە هەر چوار لای دونیاوە بەرز بێتەوەو وەك شەیپوورەکەی ئیسرافیل دڵم دەهێنێتە لەرزەو لۆژیکی ساکارو دواکەوتووانەم بەیەکدا دەدات.

دەرگاکە دەکەمەوە، ڕوانینی شەرمنانەم دەبڕمە عەردەکەو دەنگی لەرزۆکم کە وشەکان دەست و پێ شکاو نوتق دەکاو دەستم کە خۆنەویستانە لە فەزادا دەجوولێ و قاچم کە ئامادەی پاشەکشەو تێقووچاندنەو بەدەنم کە دۆڕاوو بێ دیفاع لەشوێنی خۆی بزمار کوت بووە .... هەموو ئەوانە نیشانەی پەشیمانیی و ددان نان بە ( گوناه ) دان. بەڵێن دەدەمە ژنەکەی نهۆمی خوارەوە کە ئیدی ئەو دەنگە دەنگە نائینسانیانە دووبارە نەبنەوەو منداڵەکان گەر شێویشیان نەکردبێ ( جا چش کە شێویان نەکردووە ) بە لەقەو شەپازللە بخەوێنم و خۆیشم بێ ئەوەی قاچم لە ئەرز بدات، وەك مێشوولەیەکی سووکەڵە تا ئەوسەری ڕاڕەوەکە بفڕم و تا سێ شەوو سێ ڕۆژ لەژێر لێفە، یان گەر پێویست کات لەژێر تەختە نوێنەکەدا، لە بێ دەنگیی مەرگدا بەسەر ببەم و تەواوی هەوڵم بۆ ئەوە بێت کە گوێ ڕایەڵی یاساو ڕێ و ڕەسمی خەڵکی ئەم وڵاتە بم.

ژنەکەی نهۆمی خوارەوە قسەکانمی بە ئەقڵدا ناچن. جارێکی تر شاڵاو دێنێ و هەمدیس دەنگی بەرزو چاوانی زەق دەکاتەوەو کەپووی دەلەرێنێ و لەمیانەی ڕستە دوورو درێژەکانیدا، برێك ئاخ و ئۆف و ئاه و ئۆه دەکاو بە هەموو ئەو دەنگانەوە کە لە هەورە بروسکەو هەورە گرمە دەچن، تێم دەگەیەنێ کە وەزعەکە لە جاران خەراپترەو جەنگەکە توندو تیژتر درێژەی هەیە.

شوقە تەنگ و تروسك و چكۆڵەكەی ئێمە، كە تەنانەت حەماڵێكی گەڕەكی ( مەحمودییە ) ش ئامادەی بەكرێ گرتنی نییە، بەو هۆیەوە كە لە ناوجەرگەی پاریس دایەو راڕەوی هەیەو كانتۆری تێدایە، زۆر گرانەو لە نهۆمی پێنجەمی ئاپارتمانێكدایە كە بەرامبەر كڵێسایە. سوپاس بۆ خودا كە لە حەوشەی كڵێساكەدا، چەند درەختێكیان رواندووەو سێ چوار چۆلەكەو حەوت هەشت كۆتری قەڵەو قەڵەو لەژێر میچەكەیدا خۆیان دەخورێنن. هەموو ئەوانە، تاران و شەمێران و باخەكانی دەربەند دەخاتەوە یادی من و منالەكان و خۆشحاڵمان دەكات. جگە لەوە، تایبەتمەندییە باشەكانی تری ئەم كونە گورگە لەوەدایە كە لەبەردەمی پەنجەرەی ژووری میوانەكەیدا، بانیژەیەكی دوو مەتری هەیەو بۆتە جێگەی پێشوازیی و حەوانەوەو بای باڵ لەیەكدانی ئێمە. ئەم باخە دڵگیرە، تا جێی بێتەوە، ئینجانەی گوڵە شەمەدانی و ئەتڵەسیمان تیایدا لەسەریەك داناوەو لەكاتی خۆرئاوابووندا، گەر باران مۆڵەت بدات، ئەوا لەو بستە جێگە سەوزەو لەنێوان گوڵە بێ بۆنەكاندا، دادەنیشین تا خەیارو هەڵوژەی بێ تامی فەرەنگیی، بە خەیاڵێكی ئاسوودەوە بخۆین و خۆ گەر هاوڕێیەكیش بۆ سەردانمان هات، ئەوا بۆ ئەم جێگە تەنگ و تروسكە داوەتی كەین و بیكەینە شەریكە بەشی ئەم بەختەوەرییەمان و خەمی نیشتیمانی لەسەر دەركەین.

ژنەكەی نهۆمی خوارەوە، وەك منالەكان دەڵێن ( گورگە خان )، لە هەستان و دانیشتنی ئێمە نارازاییەو دەقیقە بە دەقیقەش ئەو نارازیی بوونەی ئاشكرا دەكات. دەزریكێنێ: " بێ دەنگ!" ئەم ئەمركردنەی هێند راشكاوانەو بێ چەندو چوونە، كە دەنگ لە گەرووماندا دەخنكێنێ و زەردەخەنە لەسەر لێومان دەمەیەنێ. ئیدی ناچار لە بانیژەكە هەڵدەسین و من بە پەلە پەنجەرەكە دادەخەم و بەخۆم دەڵێم: دەبێ بە ئارام و بە حەوسەڵە بین و بە خۆنەویستییەكی بەسوێ، لەشانازیی بەخۆكردنی باوو باپیرانمان تێپەڕێنین. بە تایبەتیی منی ئێرانیی، كە پێش وەخت، بەئەنجامدانی تاوانێكی نادیار خەتابار كراوم و مافی هیچ جۆرە بەر پەرچدانەوەیەكم نییە. ئاخر لەم شارەدا، خەڵكیی لە بانیژەی ماڵەكانیان دانانیشن و حیلكە حیلك ناكەن و وەختی گرانبەهایان بەقسەی هەلەق و مەلەق ناكوژن. خۆ گەر بیشیانەوێت هاوڕێیەك ببینن، كە بێ گومان لە پێناو دامەزراندنی سەری قسانە لەگەڵیدا لەبارەی سیاسەت و فەلسەفەو ئەدەبیاتی دونیاوە، ئەوا بۆ كافیتریایەك داوەتی دەكەن و بە پەلەو بەدەم فڕكردنی قاوەی خەستەوە، سەرو بنی بابەتەكەی لەگەڵدا یەكلایی دەكەنەوە.

قسەکانم بۆ خۆم قەناعەت پێ هێنەرن، بەڵام منداڵەکانم هەڕی لە بڕی ناکەنەوە. ئاخر ئەوان لەئامێزی نەنك و پوورو مام و لەمیانی ئەمبارێك ئەڤین و مەحەبەت و نازو نەوازشەوە بۆ جێگەیەکی خەمین و بێ سۆز دوور خراونەتەوەو لەمانای ئەم ناعەدالەتییە گەورەیە ناگەن. ئەوان شێت و شەیدای تەقەی دەرگا یان زەنگی تەلەفۆنن و تەنانەت هاتنی گورگە خان لەو بێ دەنگیی و گۆشەگیرییە بە باشتر دەزانن کە باڵی بەسەر ماڵە نوێیەکەماندا کێشاوە.

فەرەنساییەکان هەروا بە هاسانی دەرگای ماڵەکانیان ناکەنەوە. بەر لە هەر شتێك، بە باشیی لەو چاوە زەرەبینەوە سەیر دەکەن کە بە دەرگاکانیانەوەیە، تا بزانن ئەو کەسە کێیە کە لە دەرگاکانیان دەدات. پاشان دەپرسن: ئیشت بە کێیەو چیت گەرەکە، دوای ئەوەی کە بە چاکیی دڵنیا دەبن، ئەوسا ئەڵقە رێزەکە لە ناوەوە دەکەنەوەو پاشان قوفڵی یەکەم و دواتر قوفڵی دووەمیش دەکەنەوەو لەو دەرفەتەشدا هەمدیس تەماشا دەکەنەوەو هەمدیس دەپرسنەوەو ئەوسا بە پارێزەوە دەرگاکە کەلا دەکەن و گەر تەنێ بۆ سەردان چوو بیت ئەوا هەر لە هەمان جێگەدا مەعزەرەتت لێ دەخوازن و خۆ گەر ئیشێکی گرینگیشت هەبێت، ئەوا هەر لەبەر دەرگاکەدا ئیشەکەت لەگەڵدا دەبڕێننەوەو کۆتایی بە مەسەلەکە دێنن. دەرگای ماڵەکەی ئێمە ئەڵقە رێزو چاوی زەرەبینیی نییە، بێ پرسیار و خەنیی بە هاتنی میوانی ناوەخت، وەك ( با ) دەرگاکە دەکەینەوەو منالان فەرموو لە هەموو کەسێك، تەنانەت لە گورگە خانیش دەکەن. منیش خێرا قۆری دەنێمە سەر ئاگرو بە زەردەخەنەوە بۆ پێشوازی ئەو کەسە دەچم کە لەبەر دەرگا راوەستاوەو حەز ناکەم لە راڕەوەکەدا قسان بکەم. پێم خۆشە جارێ دانیشین و پشوویەك بدەین و چا یەك بخۆینەوە، ئەوسا ئەگەر گلەیی و شکایەتێکیشمان هەبێت، لێی بدوێین. خانمەکەی نهۆمی خوارەوە، کاتی ئەم جۆرە شتانەی نییە. دێتە سەرەوە، لە دەرگا دەدا، هاوار دەکات و دەڕوات. خانمی بەرپرسیاری ئاپارتمانەکەش وەك ئەو دێت، لە دەرگا دەدات، پۆستەکەمان دەداتێ و دەڕوات. کارمەندی ئیدارەو کارەباش وەك ئەوان دێت، لە دەرگا دەدات، دەنووسێت و دەڕوات. سڵاو کردن و ئەحواڵ پرسیی نەبۆتە باو. هاوسێکەی پاڵمان ژنێکی تەمەن مام ناوەندییە، ژنێکی شەڕەنگێز نییە، گلەیی لێمان نییە و بە دەرگای ماڵەکەماندا ناماڵێت، بەڵام وەك ئەوەی بوونی نەبێت، وەك ئەوەی کە نە ئێمە بوونمان هەبێت و نە وی، جارجارێك لە راڕەوەکە دەیبینم، یاخود پێکەوە دەچینە ئەسانسۆرەکەوە، نە ئەو ورتەی لێوە دێ و نە من، گەر سڵاوی لێ بکەم، وەڵامم دەداتەوە، گەر سڵاوی لێ نەکەم چ ناڵێت. بەیانیان شەبەقیی دەڕوات و شەوانە ماندوو مردوو دەگەڕێتەوە.

تەنیایی ئەو ژنە عەزابم دەداو مەزەندەی ئەوەی کە کەسێك لەشاری خۆیدا هێند گۆشەگیرو تەنها و بێ کەس و کار بێت، دەمترسێنێت. خانمەکەی نهۆمی خوارەوە، زیندووە، شێتەو شەڕمان لەتەکیدا هەیە، ئەمە بۆ خۆی جۆرێکە لە پەیوەندیی، ساتە وەختێك نییە کە لە بوونی بێ ئاگا بین و شتێك نییە کە سەربەخۆ لەو ئاگاییە، راڤە و گوزارشتمان لێ کردبێت.

ناوی منداڵەکانم لە باخچەی ساوایانی گەڕەك تۆمار کردوون و خۆشحاڵم کە بە درێژایی رۆژ، لەسەعات هەشتی بەیانییەوە تا سەعات پێنجی ئێوارە، ئاگایان لێیان دەبێ. نیوەی زیاتری خۆشحاڵییەکەشم لەبەر خاتری گورگە خانە. حەزم دەکرد یەك شەممونیش دەوام هەباو رۆژانی تریش تا شەوێکی درەنگ، منداڵان لە باخچەی ساوایان و قوتابخانە مەرەخەس نەکرابان. گەیاندنی منداڵەکانم بۆ باخچەی ساوایان شتێکی هاسان نییە. بەزۆری زۆردارەکیی دەڕۆن و لە مامۆستاکانیان دەترسن و لە زوبانیان تێ ناگەن. بەیانیان دونیا تاریکەو بە زۆریش بارانە. ئێمەیش کە ترومبێلمان نییە، دەبێ شەقامێك و سێ کۆڵان بە پا ببڕین. منداڵەکان هەردووکیان دەگرین، کە دەگەینە کۆڵانی دووەم، ئیدی وڕکی بەیانیانی کوڕەکەم دەست پێدەکات، دەکەوێتە نووکە نووك و بە قاچمەوە دەنووسێ و دەیەوێ بۆ ماڵەوە بگەڕێتەوە، بەزەییم پێیدا دێتەوە، بەڵام کاتێ بیر لە ماڵەوە دەکەمەوە، روخساری هاوسێکەم دێتەوە بەر چاوو ئیدی ئەوە بەسەر سۆزی دایکانەمدا زاڵ دەبێت. کچەکەیشم گێژو خەواڵووەو تا بەردەم دەرگای باخچەی ساوایان باوێشك دەدات، خۆ گەر لێی گەڕێم ئەوا لەهەمان شوێندا خەوی لێ دەکەوێتەوە. گەیاندنی بۆ باخچە بەهۆی شیرینییەوەیە. کە دادەنیشێت، قاقزی رەنگاو رەنگی شیرینییەکانی پیشان دەدەم و تامی تامیی دەدەم. ئیدی لە جێگاکەی دەردەپەڕێ و لە عەزرەت شیرینییەکە، دوو سێ مەترێك رادەکات. هەر کە دەیخوات، هەمدیس دادەنیشێتەوەو دەکەوێتەوە باوێشك دان. ئیدی ملوانەکەی دەگرم و تا بەردەم باخچەی ساوایان پەلکێشی دەکەم. بارانیش لەولاوە بووەستێ. نازانم چەترەکە بەسەر سەری کامیانەوە هەڵدەم، دەزانم شەویش پژمین و لەرزوتاو کۆکە دێنەوە وێزەیان و ئەوسا تەواوی ئەو دەنگانە لە درزی پەنجەرەکانەوە دەچنە دەرێ و دەگەنە گوێی هەستیاری خانمەکەی نهۆمی ژێرەوە. گەر جەنگ نەبا، ئەوا دەگەڕامەوە وڵاتی خۆم، ترسم لە بۆمب و جەنگ نەبایە، یەك رۆژ ماتڵ نەدەبووم، بەڵام لە راستیدا مەیدانی جەنگ لێرەیەو دوژمنی واقیعیی لە نهۆمی خوارەوە خۆی لەبۆسە ناوە. گەر لە وڵات بمابنایەتەوە، ئەوا بە ئەگەرێکی زۆر، فیشەك کەللەمانی نەدەپێکا، ئەمە لەکاتێکدا کە لێرە لەهەموو لەحزەیەکدا لەهەڵهاتن و رووبەڕوو بوونەوەداین و

دۆشکەیەکی نەبینراو نیشانەی لیٚ گرتووینەتەوە. سەدام حوسەین لەوپەڕی دونیایەو گورگە خانیش پایەك لیٚمانەوە دوورە. ئیٚمە وەك دیلی جەنگ، دەستمان لە پشتی سەرمان ناوەو لەوپەڕی ناهومیٚدیدا خۆمان داوەتە دەست تەسلیم بوونیٚکی ناچاریی. ئەوەیشی ئیشمانی خەراپ و جورمانی ئاشکرا کردووە، نەزانینی زوبان و لە قسە نەگەیشتنە. ئاخر هیچ رمیٚك لە وشە بڕندە تر نییە، دەمی ئیٚمەیش کلۆم دراوو سەرکەوتنی دوژمنیش بە هۆی قسانەوەیە.

خاتوونەکەی نهۆمی خوارەوە بیری لە پیلانیٚکی نویٚ کردۆتەوە، نامەیەکی فەرمی و دوورو دریٚژی لە شیٚوەی ئاگادارینامەیەکی بەڕیٚوەبەرایەتی شارەوانیدا بۆ ناردووین و حەوت هەشت یاسای گرینگی تیادا دیاری کراوە. یەکەمین یاسا ئەوەیە کە دەبیٚ کومباری ئەستوور لە عەردی تەختەیی ژوورەکانا راخەین تا لەکاتی ریٚ رۆیشتنا کەمتر دەنگ دروست کەین، دەبیٚ خۆمان بپاریٚزین لە لەپیٚ کردنی پیٚڵاو ( بە تایبەتی پیٚڵاوی پاژنە بەرزو سۆڵی تەختەیی)، دەبیٚ لە بانیژەکە دانەنیشین، دەبیٚ لە حەمام و موبەق دا قسان نەکەین لەبەر ئەوەی بۆری هەواییان تیٚدایەو دەنگ بڵاو دەکەنەوە، دەبیٚ بەیانیان، یاخود شەوان دوای سەعات نۆ حەمام نەکەین یاخود سیفۆنی ئاودەست رانەکیٚشین، دەبیٚ دەرگای کەنتۆرەکان توند دانەخەین و هیچ دەنگیٚکی بەرزمان لیٚوە نەیەت، وەك پیٚکەنین، کۆکەو ترِ، دوا یاسا کە هیٚڵیٚکی سووری بەژیٚردا هیٚنراوە، دووپاتی دەکاتەوە کە کەمتر بکەوینە ماڵەوەو دەبیٚ هەوڵ بدەین تا دەکریٚ زۆرترین کاتی خۆمان لە دەرەوە بەسەر بەرین.

جگە لە باشە بەسەر چاو، چ چارەیەکی ترمان نییە. خیٚرا کومباری ئەستوورو ئیسفەنجیی لەژوورەکانا رادەخەین، بە پیٚی پەتیی بە ژوورەکانا دیٚین و دەچین، بە چرپە دەیەیڤین، ئەو هاوڕیٚیانەی کە بۆ سەردانمان دیٚن، لەبەر دەرگا پیٚڵاوەکانیان دادەکەنن. ترسی ئیٚمە بۆ ئەوانیش گویٚزراوەتەوە. قەبوڵمانە بە پاریٚزو بیٚ دەنگ بین و نکوڵی لە ئارەزووەکانمان بکەین، کەم کەم بیرمان دەچیٚتەوە کە ئیٚمەیش ئینسانین و هەر کەسیٚك لەنیٚو چوار دیواری ماڵەکەی خۆیدا ئازادەو زۆر زوویش، بیٚ ئەملاو ئەولا گویٚ رایەڵی فەرمانەکان دەبین و زۆر هاسان و بە تەرزیٚکی سروشتیی بە دیکتاتۆریەتیی گورگە خان قایل دەبین. ئاخر ئیٚمە فیٚر نەبووین داکۆکی لە مافی خۆمان بکەین و ناشزانین مافەکانمان لەم وڵاتەدا چین. لە رابردووشدا هەر نەمانزانیوەو ئەوەی هەمان بووە، پیٚمان وابووە کە سەرو زیادمانەو ئەوەش میراتی باوو باپیرانە.

گورگە خان لەوە بە ئاگایە کە لەئێمە باشترە، رۆژ دوای رۆژ ددانەکانی تیژتر دەکاتەوە، لەتەواوی ئەو یاسایانەی کە دەری کردوون، دوا یاسایان لە هەموویان زەحمەت ترە ( کاتی خۆتان زیاتر لە دەرەوە بەسەر بەرن!) ئاخر بۆ کوێ برۆین؟ هاورێکانی من زوربەیان هونەرمەندو نووسەرو نیگارکێشن و ژن و منالّیان نین، پارەو پوول و خانووی گەورەو توانای پێشوازیی کردنی خەلّکیان نییە، هەریەکەیان لە هۆدەیەکی چکۆلّەی پڕ لە کتێب و قاقز یاخود بۆیەو سێ پایەو فلّچەدا دەژین و مالّەکانیان جێی منالّی تێدا نابێتەوە، خۆ ئەوانەشیان کە ژن و منالّیان هەن، بە دەست منالّەکانی خۆیانەوە بۆژۆن و حەوسەلّەی منالّی تریان نییە. کەواتە تاقە رێگەی هەلاّتن پەنا بردنە بۆ پارك. بەرامبەر مالّەکەی ئێمە پارکێکی هاکەزایی هەیە کە بۆتە جێ ژوانی پیرێژنەکانی گەڕەك و کارەکەرە عارەبەکان، لە ئێوارەیەکی درەنگیشا سوالّکەرە سەرخۆشەکانی لێ کۆدەبنەوەو پارەی سوالّەکانیانی تێدا دابەش دەکەن. من لەم پارکە بێزارم و کاتێ دەچم خەمی دونیام لێ دەنیشێت. تاقە گەمەی منالّەکان لەم پارکەدا یان خۆلّە پەتانێیە یاخود خۆ هەلّزنینە بە خلیسك خلیسکێنەیەکی شەق و شڕدا. باخی لۆکزامبۆرگ جوانە، بەلاّم ئەوێ دوورەو رۆیشتن بۆ جێگەی دووریش لە هەوای حول حولیی پاریس دا خەتەرە. هێشتا لەنیوەی رێداین کە باران دادەکاو ئێمەیش کە پالّتۆمان لەبەرداو چەترمان هەلّداوە، لەژێر تاقی دوکانێکدا خۆمان پەنا دەدەین و تەڕ تەڕ چۆن هاتووین، هەر ئاوهاش دەگەڕێینەوە. بۆ نەگبەتیی یەك شەموانیش هەمیشە بارانەو مەحکومین بەوەی لە مالّەوە بمێنینەوە. تاوێك کە دەچینە بانیژەکە، ناڕەزایی ژنەکەی نهۆمی خوارەوە لەو دوا پەناگایەش هەلّماندەکەنێ.

خۆشترین ساتی ژیان ئەو کاتانەیە کە منالّەکانم نووستوون و گلۆپەکانی نهۆمی خوارەوە کوژاونەتەوەو سێ چوار نامە لەملاولای دونیاوە لە هاوڕێ و خزم و خوێشانی دەربەدەرەوە بەدەستم گەیشتوون. یەکسەر نامەکان ناخوێنمەوە، بەلّکو هەلّیان دەگرم بۆ شەو، تا لەسەر سیسەمەکەم لەگەلّ فنجانێك قاوەی لەکولّ و جگەرەیەکی حەیاتدا بیانخوێنمەوە.

نامەی یەکەم لە لەیلاوە هاتووە کە لە تاران دەژی و بەختەوەرەو لە ژیانی قایلە. منالّەکانی دەچن بۆ قوتابخانەو دوو هەزار رەفیقیان هەیەو لەناو باخ و لەکۆلاّن و گۆڕەپانی گەڕەك پاسکیل دەئاژوون و ترسیان لە جەنگ و بۆردومان نییە. لەیلا خۆیشی کار دەکاو لە پەچەی ئیسلامی ناترسێ و هەموو شەوێك یان دەچێت بۆ میوانیی یاخود دەیەها میوانی هەن. نامەی دووەم لە داریوش ( ئا ) وەیە، وی هێند خەمین و بێزارە کە نامەکەی گریاندمی. بێ کارو کاسپییە،

کوڕەکەی لە سەربازیی هەڵاتووە، هاوڕێکانی خۆیان شاردۆتەوە، وێنەیەکی هێند رەشی بۆ ئاینده هەیە کە زەندەقی بردم. نامەی سێیەم لە جەنابی ( کاف ) ەوەیە. نامەکەی وی راپۆرتێکی چڕو پڕە لەهەواڵی ناخۆش، برازاکەیان گولله باران کردووەو دایکی دووجار هەوڵی خۆ کوشتنی داوە، گرانیی پشتی بونیادەمی شکاندووەو بەم زووانە هەمووان لە برسا دەمرن، عەمەلە ئەفغانییەکان هەموو شەوێك هەڵ دەکوتنە سەر ماڵان و گۆشاو گۆش سەری ژن و منداڵ و پیرو گەنج دەبڕن، رووس لەگەڵ ئەمەریکییەکانا پێك هاتوون و پارچە پارچە بوونی ئێران شتێکی حەتمییە، کوڕەکانی خاڵە ئەکبەری باخەوان بوونەتە مەئموری کۆمیتەی مەحموودییەو گەرەکیانە پارەو موڵك و ماڵەکەی وی داگیر کەن. دوا نامە هی دایکمە کە چەند لاپەڕەیەکەو لە سیناریۆی فیلمی فارسیی دەچێت. پڕە لە روداوو بەزم، پڕە لە شتی پێچەوانە. مرۆڤەکان لەو نامەیەدا هەم زۆر زۆر بەختەوەرن و هەم زۆر زۆریش بەدبەخت، میوانداری و پیاسەو سەیران و کەیف و سەفایەکە نەبێتەوە، هەمووان لە دەوری یەك کۆبوونەتەوە، دەخۆن و دەخۆنەوەو دۆعا بۆ کۆماری ئیسلامی دەکەن. پاشان لە نامەکەدا کتوپڕ شتەکان پێچەوانە دەبنەوە. دێڕەکانی دواوەی نامەکە، برێتین لەحەکایەتی مەحروومییەتەکان: نە کارەبا هەیە، نە ئاو هەیە، نە گۆشت دەست دەکەوێت، پەتا بڵاوبۆتەوە، دختۆرو دەرمان نین، ئاساییش نییە، پۆلیس و حەسحەس نین، گرانیی و نەهاتیی پشتی بونیادەمیان شکاندووە، دوو مەتر بەفر باریوە، نەوت قاتە، سەرمایەکی کوشندەیەو لەهەموویشی ناخۆشتر بەرگە گرتنی تەنیایی و دووریی منداڵەکانە. لەکۆتایی نامەکەدا هەمدیس جنێودانە بە هەندەران و پاریس و باسی ئەوەی کە خۆیان لەوێ هەموو شتێکیان هەیەو لەشاری خۆیاندا ئازادن و منەتی خەڵکی هەندەران هەڵناگرن و هەموو ئەوانەش کە وڵاتیان بەجێ هێشتووە، هەڵە بوون. ئینجا جارێکی تر قسان کردن لەبارەی میوانیی و خوردو خۆراك و سەیران و پاشان لەناکاو دایکانە رایدەگەیەنێ کە بڕیاری داوە دارو نەداری بفرۆشێ و بێت کونە گورگێ لەغەریبییدا بۆ خۆی پێکەوە بنێ و ئەو چەند رۆژەی کە لەژیانیدا ماوە، بە دڵی ئیسراحەت بگوزەرێنێ.

شەو درەنگەو خەوم نایەت، کچەکەم سورێژەی گرتووەو لە ( تا ) دا دەسووتێت. نیگەرانم و نازانم داوای یارمەتیی لە کێ بکەم. دەمەوێ شتێك بنووسم بەڵام مێشکم ئیش ناکات. کتێبەکەی دەستم پەڕە پەڕە هەڵدەدەمەوە، لاپەڕەیەك دەخوێنمەوە بەڵام یەك وشە تێ ناگەم. دوو رۆژە لێکدا لێکدا باران دەبارێت. خۆزیا کەسێك بۆ دیدەنیم دەهات، هەوای تاران سەرەڕای زستان و سەرما،

هەر هەتاویی بوو. لەیلا لەبارەی شۆستەکانی بەیانیانی هەینییەوە نووسیویەتی، هەمووان دەچن بۆ شاخ و لە چایخانەکەی سەرڕێ بەرچایی دەکەن. داریوش ( ئا ) پێکەنینی بەو قسانە دێ و نووسیویەتی کە تەنانەت چیاکانیش جلکی پرسەیان پۆشیوەو بەفری رەش لە ئاسمانەوە بەسەر خەڵکیدا دەبارێت.

منالەکانم نوستوون. هەردووکیان ( تا ) یان هەیە، دڵم لە مەراقدایە، خۆزیا کەسێك بۆ دیدەنیم دەهات. بە خۆم دەڵێم: دەگەڕێمەوە. لانی کەم لە شاری خۆمدا خاڵ و مام و دایکێکم هەن کە دەکرێ هانایان بۆ ببرێت. نە کەسێ لەژێرەوەو نە کەسێکیش لەژوورمەوەیە. لە هاوڕێکانم ناترسم و دەتوانم لە ماڵی خۆمدا هاوارکەم، زرمە زلێ بکەم، پێبکەنم، بگریم و سەماکەم.

لە سبەینێ زووتر نییە دەگەڕێمەوە. داریوش ( ئا ) تاقە کەسێکە هانم دەدا لێرە بمێنمەوە. دەڵێ: ئازیزەکەم لێرە مافی ئەوەت نییە پێچەوانەی یاساو بنەمای دانراو هەناسە بدەیت، قسان بکەیت، بیربکەیتەوە، جلك لەبەر کەیت و بخۆیت. تەنانەت بۆ پێشاو چوونت یاساو رێسای خۆی هەیە. عاشق بوون، شوو کردن و مردنیشت ئازاد نین و تەواوی گەردیلەو لەحزەکانی ژیانت پێش وەخت بڕیاریان لەسەر دراوە. ئەدی چ بکەم؟ بمێنمەوە یاخود بگەڕێمەوە؟

لە دەرگا دەدرێت! گوێ رادەدێرم، لە نوێنەکەم دەردەپەڕم، دەبێ کێ بێ؟ زەنگی دەرگاکە شکاوەو بە مست لێی دەدەن، دڵم رادەچڵەکێ، دەشێ هەواڵێکی ناخۆش بێ. دڵنیام دایکم شتێکی لێ هاتووە، براکەمیان دەسگیر کردووە، پۆلیسە، هاوڕێیەکی راکردووە. کتێبەکە لەدەستم دەکەوێتە خوارەوە، قاچم لە وایەری گڵۆپی پاڵ سیسەمەکە دەگیرێت، بە پەلە کراسێك بەسەر جلکی خەودا لەبەر دەکەم. منالەکان نوستوون، دەبێ کێ بێ؟ وا هاتم ... بە فارسی و بەفەرەنسیی هاوار دەکەم وا هاتم، بە پەلە هاتم، دەرگاکە دەکەمەوە ... چیی؟ ژنەکەی نهۆمی خوارەوەیە! چاوەڕێی ئەوە نەبووم ئەو بێت! ئاخر لەبەر ئەوەی لەم کاتانەی شەودا وی نوستووەو چ پاساوێك بۆ هاتنەکەی نییە!

ساکاوم و هەست دەکەم رەنگم پێ نەماوە. دڵم پەلە پەل لێ دەداو لە وەزعی گێژو وێژو پتە پت قسان کردنی خۆم شپرزەم. گورگەخان کە دڵەڕاوکەو زەندەقچوویی و زمان تێکەلاتنم دەبینێ، روخساری دەگەشێتەوە، دەنگی بەرزتر دەکاتەوە. دەڵێ: چییە ... خەریکی چین؟

- کێ؟

- ئەو قەرەباڵخیی و هەراو زەنایەتان لەچییە؟

- کام هەراو زەنا؟

وا راهاتووم کە هەمیشە حەق بدەمە ئەوو پێم وابێ کە هەر بەراستیی منداڵەکان خەبەریان بۆتەوەو خەریکی زرمە زلێن. دوو هەنگاو بەرەو لای هۆدەکەیان دەچم، دەوەستم، گوێ رادەدێرم، بێدەنگییەکە نەبێتەوە. کەواتە گورگە خان درۆ دەکاو چ بیانوویەك بۆ هاتنەکەی نییە. ئەم جارەیان حەق بە منە، مەسەلەی دوو زائید دوو دەکاتە چوارە، زانینی زوبانی فەرەنسیی و ناسینی کلتووری خۆرهەلآت و خۆرئاوای ناوێت، ئەوە لۆژیکی ساکاری خەڵکییە، هیچ دەنگە دەنگێك لەماڵەکەی ئێمەدا نییەو خانمەکەی نهۆمی خوارەوە سەهووە. ئیتر ئەم جارەیان ناچمە ژێر باری زوڵمەوە، ئاخر حەق بە منەو ئەم لەسەر حەق بوونەش ئیمتیازێکی گەورەیە کە هێزو ئازایەتیم پێ دەبەخشێت. سەر هەڵدەبڕم، دەنگ هەڵدەبڕم. دەپرسم: کام هەراو زەنا؟

گورگەخان چاوەڕێی لێ پرسینەوە نییە و دێت و دەچێت، سەر دێنێتە پێشەوەو سەیرێکی ناوەوە دەکات. بەرزتر لێی دەپرسم: کام هەراو زەنا؟

منگە منگەکەی وی ئازاترم دەکات. تووڕەییەکی دێرینە لە ریخۆڵەمدا خۆی حەشارداوە، کتوپڕ هەڵدەچێ و وەکو ( تا ) بەنێو جەستەمدا بڵاو دەبێتەوە. گەرم گەرم دادێم، ئارەقە دەکەمەوەو هاوار دەکەم. ژنەکەی نهۆمی خوارەوە، خۆی بۆ ئەم هاوارە ئامادە نەکردووە، رادەچڵەکێ، ئازاتر دەبم، زگم قۆڕە قۆڕی پێ دەکەوێت، پێیەك دەچمە پێشتر، ئەمجارەیان دەوێرم ورد لە روخساری گورگەخان بنۆڕم و بۆ یەکەم جار بەو جۆرەی کە هەیە بیبینم. من وێنەیەکی ترم بۆی هەبوو، پێم وابووە پیرێژنەو تەنانەت قۆچ و ریش و تووکی لێ رووابێت، پێم وابووە لە دراکۆلا بچێ و دگانی زلی هەبێت. بەڵام هیچ کام لەوانەی نییە، بەڵکو ژنێکە هاوتەمەنی خۆم، باڵای هێندەی باڵای خۆم، قژی کورت و خەنەیی و چەورو چڵکن، جلك پۆشینی، پێچەوانەی ژنانی فەرەنسی رێکوپێك نییە، دوو هێڵی قووڵ لە دوولای لێویدا هەیە کە روخساری گرژو مۆن وەدیار خستووە. هیلاك و تووڕەیە، دووگیانە، لە تەواوی ژنانێکی خەمبار دەچێت کە هەر لەگەڵ سپێدەدا دەچنە سەرکارو شەوانەیش ناهومێدو ماندوو مردوو بەدیار تەلەفیزۆنەوە خەویان لێ دەکەوێت.

بە فەرەنسسیەکی شکاو تێی دەگەیەنم کە منداڵەکانم نوستوون و خۆیشم لەنێو نوێنەکەمدا بووم. ناکاو بە ئەقڵمدا دێت کە قسەکانم بە زوبانی خۆم بکەم، یاخود بە زوبانی ئینگلیزیی کە بۆ من هاسانترە. ئاخر فەرەنسییەکان لە زوبانی ئینگلیزیی دەترسن و بە شانازییەکی منداڵانەو بەسافیلکەییەکی دواکەوتووانەوە گوێ لە فێربوونی ئەو زوبانە دەخەوێنن، بەڵام ئەو گوێ

خەواندنەیان رووالّەتییەو لە قولاّیی دڵەوە شێت و شەیدای ئەمەریکاو ئەمەریکاییەکانن. دەمم دەکرێتەوە، پێدەچێ پەڕو باڵم دەرکردبێت، چیدی کەس ناتوانێ پێشم بگرێ، وەك بولبوول دەکەومە خوێندن و لەناو ئۆقیانووسێك وشەدا مەلە دەکەم، خەیاڵم لەگەڵ زوبانمدا دەبنە یەك، ئیتر ناچار نیم پاساو بێنمەوەو رستەکانم ساکارو کورت دەربڕم. حەز دەکەم بئاخڤم، مەست لەنێو دەسەڵاتی دەبڕینی خۆدا، دەتوانم بەم زوبانەی کە هەمە جنێو بدەم و هەرواش دەکەم. نازانم گورگە خان لە مانای قسەکانم دەگات یان نا! بەلامەوە گرینگ نییە ، بە زرینگەی دەنگ و بروسکەی نیگاو هێرشێك کە لەجولاّنەوەمدا هەیە، لە خانمەکەی نهۆمی ژێرەوەی دەگەیەنم کە دەبێ گۆڕی خۆی ون کاو بڕواو ملی بشکێنێت، تێی دەگەیەنم گەر جارێکی تر لەم دەوروبەرە وەدیار کەوێتەوە، ئەوا گوێی لە بنا هەڵدەکێشم، وای چ ژنێکی گوواوی و پیس و بەدبەخت و کەرو بێ شعوورە. دەزریکێنم، دەست تەکان دەدەم و قاچم بە نیشانەی لەقە وەشاندن هەڵدەبڕم، هەرچی زیاتر دەوروژێم، گورگە خان چکۆڵەتر دەبێتەوە، لە مەرێك دەچێت کە بیانەوێت سەری ببڕن. لەبەرانبەریشدا من باڵام کردووەو ددانەکانم وەك دراکۆلا دەرپەڕیون، هەست دەکەم قۆچ و ریشم دەرکردوون و لە هەژدیها دەچم و خەنیم. گەر لێگەڕێن ئەوا گورگە خانی داماو هەر بەساخیی قووت دەدەم، هێرش دەبەم، گورگە خان قیژەیەکی نزمی لێ هەڵدەسێ و بەرەو دەرگای ئەسانسۆرەکە رادەکات. وازی لێ ناهێنم، خودا دەزانێ چیی پێ دەڵێم، عاشقی پیشاندانی قودرەتی خۆمم و دەخوازم بەرەو نهۆمی سەریشەوە راوی نێم، لە دەرگاکان بدەم و شکات لەهەموویان بکەم، فەرمان دەرکەم کە ئیدی مافی قسە کردن و رێ رۆیشتنیان نییەو دەکارم چنگ لەدەم و چاویان بگرم.

ژنەکەی نهۆمی خوارەوە هەر بە کردنەوەی دەرگای ئەسانسۆرەکە، خۆی تێ فڕێ دەداو بە هەناسەبڕکێوە دیارنامێنێ. هەر بەراستیی دیار نامێنێ، رۆژی دواترو رۆژانی ترو مانگ و مانگەکانی دواتریش دیار نامێنێ. وەك ئەوەی بووبێتە ئاوو عەرد هەڵیمژتبێ. دوای ماوەیەکی زۆر، بە رێکەوت لە راڕەوەکەدا، لەنزیك دەرگای دەرەوەی ئاپارتمانەکە یەکتری دەبینین. هەردووکمان بەخێرایی روو لەیەکتری وەردەگەڕێنین و دەڕۆین، تەنها شتێك کە لەو یەکتر بینینە خێرایە لە زەینمدا دەچەسپێ، زگ و چاوە ماندووەکانییەتی، دوایین رۆژەکانی زگ پڕیی دەگوزەراند.

به دیارنەمانی درێژ خایەنی گورگەخان، ژیان هێور هێور شێوەی سروشتی خۆی وەردەگرێتەوە، ئیدی بە پێڵاوەوە بە ژوورەکانا دەڕۆین و بێ ترس قسان دەکەین و تەنانەت کاتێ هەتاو بێت لە بانیژەکە دادەنیشین و دەوێرین پێ بکەنین. منالّەکانم ئارامتر دەبنەوەو تارمایی دراکۆلایان لەسەر نامێنێ. خۆ گەر حەزیش کەین، دەچینە دەرێ و ئیدی لەدەرەوە مانەوەمان شتێك نییە تۆپزیی.

هاوینەو دەمەو بەیانی، لەگریانی یەك بینەی ساوایەك وەئاگا دەبمەوە. کە باش گوێ رادەدێرم، دەبیستم کە دەنگەکە لە نهۆمی خوارەوەیە، پێکەنین دەمگرێت، گورگە خان تێوە گلاوەو ئەوجا نۆرەی خیشە خیش و بێ خەویی وییە.

سالاّن تێدەپەڕن و ئێمە هێشتا لە خەیالّی بۆ ولاّت گەڕانەوەین. منالّەکانم گەورە بوون و لەچوون بۆ قوتابخانەدا، بیانوو ناگرن، خۆیان دەڕۆن و بۆ مالّەوە دەگەڕێنەوە، دلّە راوکێیان کەمتر بووەو ترسی خانمەکەی نهۆمی ژێرەوەیان بیر چۆتەوە.

سەرەتای پاییزەو لە یەك شەممە ئاساییەکانە، دونیا ساردەو کزەیەکی سارد هەلّیکردووە، منالّەکانم لەمالّەوەن و شەو میوانمان هەیە. دەچم تا لەو عارەبە گرانجانە شمەك بکڕم کە رۆژانی پشووش دوکانەکەی هەر کراوەیە. بەلای پارکی سوالّکەرەکاندا تێ دەپەڕم، چاوم بە گورگە خان دەکەوێ کە لەسەر سەکۆیەك دانیشتووەو چاوانی بڕیونەتە خالّێکی دوور. سەرمایەتی و ئێخەی چاکەتەکەی بەرز کردۆتەوەو شانی هێناوەتەوە یەك، کتێبێکی نیوە کراوەی لەسەر کۆشی داناوە، جگەرەیەکی نیوە کوژاوەیش لەنێو قامکیداو پرچیشی وەك هەمیشە چەورو بژ. قاچی راستی درێژ کردووەو پا پێچاوەو پێلاّوەکەی لە پێ داکەنراوە. منالّەکەی لەنێو خۆلّەکەدا سەرگەرمی وازییە، هێند خەمبارو بێزارە کە بەزەییم پێیدا دێتەوە. لەخۆم دەپرسم ئەدی بۆچی لەم کزەی سەرمایەدا، لەم پارکە شەق و شڕەدا دانیشتووە؟ ئاگادارینامەکەیم بیر کەوتەوە. هەلّبەت هاوسێیەك شکاتی لێ کردووەو ئیدی فەرمانی بەسەردا دراوە کە دەبێ لە دەرەوە منالّەکەی ژیرکات. کەواتە گورگە خانێکی تر دگانی لێ تیژ کردۆتەوە. دلّم تەنگ دەبێ، لەم ئاپارتمانە خۆشەدا کە بەرانبەر پارك و کلێسایە، ( دە ) دانە گورگ بۆ یەکتری چوونەتە بۆسەوەو بەدبەختییەکانی خۆیان دەخەنە ئەستۆی یەکتر. چ گەلە گورگێکی شەکەت و ماندوون! گەلە گورگێك بە حەزی چکۆلّەو ئومێدی هیچەوە، لە چاوەڕوانیی شت گەلی باشتردان. لەخۆم دەپرسم: چما نەدەکرا جۆرێکی تر با؟ دەکرا؟

دوو سێ تنۆکە باران بەر روخسارم دەکەوێت. پی هەلّدەگرم. خانمی نهۆمەکەی ژێرەوە هەروا حەپەساوو وێلّ دانیشتووە. سوالّکەرێکی سەرخۆش لەژێر درەختێکدا لەهۆش خۆی چووە.

ڕەنگیشە مردبێ. کەس تەماشای ناکات. زیاتر پێ هەڵدەگرم. لە خەیاڵی هاتنی میوانەکانمدام. لەپەلەپڕوزکێی کڕینی خواردن و خۆراکدا، ئەو پرسیارەم بیرچۆوە کە قەیرێك لەوەوبەر لەخۆم کردبوو!

❊

پاریس 16 ی ئۆکتۆبەری **1989**